کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
23-7-2007 22:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نامەیێکی پر گلەیی بو بەرێزان مەسعود بارزانی و تێکرای دەسەڵاتدارانی کوردستان گەندەڵی و شاردنەوەی راستیەکان لە لای (پروفیسور دکتور) فریاد فازل عومەر وەک نموونەیێکی زیندوو ... ئارام فەتاح**

لە کوردستانی ئێمەدا گەلێک ڕووداوی سەیرو سەمەرە ڕوودەدەن، دزی و درۆ و هەلخەلەتاندن بوونە بە ئاکاری ئاسایی و زور کەس سڵیان لێناکاتەوە. لەم وەڵاتەی ئێمەدا ژیان وای لێهاتووە کەس بە کەس نەبێت و هەر کەس بیر لە بەرژەوەندییە تەسک و تایبەتییەکانی خوی بکاتەوە و بەرژەوەندییە گشتی و چارەنووسسازەکان وەلا بنێت و هیچ نرخێکیان پێنەدات.
هەموو کەسێک راستییەکان دەزانێت و درکیان پێدەکات، بەڵام داخی گەورە کەم کەس هەیە تەنانەت بیر لەوەش بکەنەوە بەرژەوەندییە گشتییەکان چەندە گرنگن و چەندە برەودارن. نەک هەر زورینەی خەڵک بەلکو دەسەلاتیش بووەتە قوربانی ئەم جورە ئاکارە تەسکبینییەی مروڤی چاوچنوک و راستی ئاوەژۆکەر، دەنا دەسەڵات لای ئێمە پیروزتر و بەنرختر ئەبوو لەوەی کە ئێستا هەیە و زور کەمتر ئەکەوتە وێزەی رەخنەی زانستی، ئێمەش کەمتر گلەییمان لە سەروکایەتی و دەسەڵات و کارمەندانی بەرپرس ئەکرد.
ئەوەی ل هەموو ئەو شتانەی کە ئاماژەمان بوی کرد سەیر و سەمەرەو و جێی داخە ئەوەیە ئەم دیاردە ناساز و نابەجێیانە گەیشتوونەتە ئاستی ئەوەی کە کەسانێک لە شوێنێکدا یان لە دەستگاییێکدا وەک کارمەندێک کاربکەن و لافوگەزافی ئەوە لێبدەن کەوا دکتور و پروفیسورن بەبێ ئەوەی نە دکتور و نە پروفیسوریش بن و نە بروانامەییێکی ئاواشیان هەیە ئەوان لەم دو تایتلە ئەکادێمییە نزیک بکاتەوە، وەک بڵێی خەلک بە گەمژە بزانن و بە نەفامیان لە قەلەمدەن.
نموونەی فێڵبازی و سەختەکاری
ئالێرەدا کاک فریاد فازل عومەر وەک نموونەییێکی ئاشکرا و دیار بو ئەم دیاردە سەیرە ئەهێنینەوە، با بزانین بوچی و لەبەرچی و چما خویان ئەخەنە پەیرەوکردنی ئەم جورە رەوشتە ناراستەقینەیە، ئایا چ هوییێکی دەروونی و کۆمەلایەتی و ئایدیولوژی لە پشتەوەیە، ئایا چ چارەسەرێکی لوژیک هەیە بو ئاکاری ئەم جورە کەسانە؟ بێگومان زورینەی هەرە زوری ئەم تایتلانە، مەبەستمان ئەو تایتلانەی وەک ماستەر و دکتور وپروفیسورە، جێگەی شانازییە بو هەر مللەتێک چاوی لە زانست و فێربوون و ئازادی بێت، ئەو کەسانەش شایستەی رێزلێنان و حرمەتن، هەمیشە کارئاسانییان بو کاروبارەکانی روژانە. لێ بەلێ بەداخەوە جارناجار ئەبینین هەندێ کەسی کە هیچ لەم تایتلانەی نییەو بەڵام سڵ لەوە ناکاتەوە کە بو خۆی بقۆزێتەوە و پاشان بوی بەکاربێت بەمەبەستی سەرخستنی کارەکانی خۆی و داوای کارئاسانی لە گەلێک شت بکات کە رەنگە مافی غەیری خوی قرخ بکا، بەبێ ئەوەی نرکەی لێبێ کەوا ئەم تایتلەی هەرگیز نەبووە و نییەتی، جا زور کەس ئەم جورە خورەوشتە بە ئاکارێکی دیماگوجیانەی تێدەگەن، کەواتە ئەم هویە هوییێکی کۆمەڵایەتییە، لە پاڵ هویە دەروونییەکەوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی کەوا ئەم جورە کەسانە هیچ لەم تایتلانەی نییە، بەڵام سڵ لەوە ناکاتەوە کە بو خۆی بقۆزێتەوە و بۆی بەکاربێت، مەبەستیانە تاکەکانی کۆمەڵ نرخێکیان پێبدا، چونکە ئەم جورە کەسانە بەتەواوی هەست بە نابونی زانستی و کەموکوری زانیاری و بێتوانایی خوێندنی ئەکادێمی خویان ئەکەن. لە تەک ئەم دو هۆیە کۆمەڵایەتی و دەروونییەوەش هۆی ئایدیولۆژی بەدار ئەکەوێ، پێکهاتەی هۆیەکەش ئەوەیە کەوا ئیدیولۆژیا لە خودی خۆیدا لای ئەو بە شێواوی لێکدراوەتەوە، کەوا ئەم جورە کەسانە خویان بە چەقی مەعریفە بزانن و بگرە دەمراستیش بن بو لوژیکێک کە رەنگە هەر تەنها خویان باوەریان پێیەتی، جا ئاکار و رەوشت و جیهانبینی و دیدو تێگەیشتن و رەفتار لای ئەم کەسانە چەندی بە چەندی !

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لێرە مەبەستمان فریاد فازل عومەرە، کە ئەوە لە سالی 1982 بەدواوە لە لە ئینستیتوتی ئیرانستیکی سەربە زانکوی ئازادی بەرلین، وەک "فەرمانبەر بو کاروباری تایبەت" کار دەکات و جارناجاریش ڕێگەی پێدەدەن هەندێ وانەی فێرکرنی زمان و ئەدەبی کوردی بلێتەوە، زۆر فەسلی خوێندن هەبوە کە کاک فریاد یەک قوتابیش بو سمینارەکانی خوی نەبوە و مەجبوور بوو بە تەنێ لە پولەکە دابنیشێ و ئەوەی سەیری وانەکانی هەموو سالی ئیرانستیک بکات، دەبینێت کە فریاد فازل هەموو دو سالێک هەموو وانەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە و قوتابیەکان زوو واز لە فێربوونی زمانی کوردی دێنن، چونکە فریاد تەنها مەدحی خۆی دەکات و کرمانجی و زازاکی نازانی و ئەو ئەم وانانە دەلێت هەر بو ئەوەی بتوانێت لە ژێر سێبەری ئەم کارەی دا بلێت من ماموستام و ئەوە حەشارداتەوە کە تەنها "فەرمانبەرێکی ئاساییە بو کاروباری تایبەت". لە هەموو ئەو شتانەش سەیرتر ئەوەیە کەوا هەرچەندە کاری فەرمانبەری کارێکی پیروزە کە ئەگەر ئەو فەرمانبەرێکی بچوکە، بەلام ئەم فەرمانبەرییە بچوکییەشی بەدەست نەدەکەوت ئەگەر تەنگی بە کەسایەتییێکی بسپۆر و ناودار هەلنەچنیبا، ئەمەش چیروکێکی تایبەتی خۆی بە دواوەیە، کە هیچ کەسێک و روشنبیرێک قەلەمبەدەستێکی هەموو ئەم ئەورووپایە نییە نەزانێت و لێیان شاراوە بێت بە تایبەت خوێندکارانی زانکوکانی ئەوروپا هەر لە سالەکانی هەشتا بگرە بە دواوە، کورتەی چیروکەکەش ئەوەیە سالانێکی زوو دکتور جەمال نەبەز لە ئینستیتوتی ئیرانستیک چالاکی کوردولوگی دەنواند و وەک ماموستاییێکی ئەکتیڤ کاری دەکرد، ئەمەش بە دلی زورینەی خوێندکارەکان بو بەلام بەپێچەوانەوە بە دلی چەند ماموستاییێکی تەمەل و تەوەزەل نەبوو، ئەمەش دوخێکی ناهاوسەنگی دروستکردبوو لە تێگەی قوتابیان بەرامبەر بە ماموستاکان تا وەکو کاک فریاد فازل کە بە نێردراوی ئەوساکەی رژێمی بەغدا گەیشتبووە بەرلین کە بو بە مایەی ئاوەژووکردنەوەی هەموو ئەو پروژانەی کە دەکرا لە ئارادا بێت بو مەسەلەکانی کوردولوگی. چیروک لێرە دەستپێئەکا، لە دەوروبەری سالانی 1982 کە هێشتاش لە بیرمانە و لە یادەوەریمان نەسراوەتەوە، ئینستیتوتی ئیرانستیک ببوون بە دو بەشەوە و روبەروی یەکببونەوە، بەشی یەکەمیان لە قوتابیان پێکهاتبوو کە پشتگیری جەمال نەبەزیان دەکرد و بەشەکەی تریش لەچەند ماموستاییێک پێکهاتبوو کە دەسەلاتی بریار و بەرێوەبەرایەتی ئینستیتوتەیەکەیان بەدەست بوو، تێکرای قوتابیان بە بیانی و کوردەکانەوە دەیانگوت د. جەمال نەبەز ماموستاییێکی ئەکتیڤە و پێویستیمان بە زانیارییەکانی ئەوە، تاقە کەس کە ئەو کاتە قوتابی بوو، هەرچەندە دواتر نەیتوانی بەردەوام بێت لە قوتابیاتی خۆی، دژ بە رای قوتابیان و دژ بە د. جەمال نەبەز دەنگی هەلبری و یەکێک لە دەستەواژە گوتراوە ناسراوەکانی ئەوەبوو "حکومەت منی نەناردووە بو ئێرە بو ئەوەی لە گەل جەمال نەبەز سیاسەت بکەم"، لە بیر مەکەن ئەو لە کۆتایی حەفتاکان نێردراوەو لە 1982 ئەم قسەیە دەکات، ئەی کەواتە ئەی زاتی بەرێز ئەگەر بو ئەوە نەنێردراوبی، ئەی ئەوەی بووی نێردرابووبویت چیبوو. بێگومان مەبەستمان لەم زاتەش کاک فریاد فازلە کە سەنگەری دوژمنی نەتەوەکەی خۆی بە پیروزتر زانی لە ئاست کەسانی دلسوز و قوتابیانی تینووی روژهەلاتناسی و کوردناسی. ئیرانستیکیش وەک وای لێیتێدەگا ئێدی فریاد فازلیان بە شیاوی وەزیفەیێک زانی کە ئەو بوشاییە پردەکاتەوە کە جەمال نەبەز بەجێیدێلێت لە ئیرانستیک، ئەگەر هەلوێستی ئەم زاتە نەبوایە هەموو بەردی لە شوێنی خۆی دەبوو و ئێدی کوردولوگیش نەدەبوو بە خەون. دەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین کە فریاد فازل هەر لە سەرەتای بەکاربوونی پروژەی کوردولوگی لە زانکوی ئازادی بەرلین، کە لە لایەن هەندێ خەمخور و قوتابیانی کورد و ئەلمانەوە لە سالەکانی 1993 تا 1999 بەرێوە دەبرا، لە دژی کردنەوەی ئینستیتوتێکی کوردی لە ناو زانکوی ئازادی بەرلین راوەستا و هەر خوی بوو بە سەبەبی ئەوەی کە کوردولوگی دوای ماندیبوونێکی زۆری گروپی کوردولوگی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرنەگرێت، چونکە ئەو نوکەرایەتی ئیرانستیکی پێی باشتر بوو و کێ ئەزانێ ئەو بە فیتەی کێ ئەو دژایەتیەی کوردولوگی دەکرد.

ئێمە لە زور برادەرانی دانیشتوی بەرلین لە بارەی فریاد فازلەوە پرسیارمان کرد کە ئایا پروفیسورە یان نا، هەموویان جەختیان لە سەر ئەوە کرد کە وا ئەو نە پروفیسورە و نە دکتوریشە، بەڵام سەرباری ئەوەش لای کوردەکان خوی لەوە سڵ ناکاتەوە و راستیش ئاشکرا ناکات کەوا پروفیسور نییە و دکتوریش نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە وا بە شێوەیەکی ناراستەوخو بلێت و ئیددیعا بکات خاوەن ئەم جورە تایتلانەیە. هەرچەندە تایتل و نازناوی گەورە نابنە پێوەرێک بو کەسایەتی مروڤ. بەڵام شاردنەوەی راستی بەوەی مروڤ ئاشکرای ئەوە نەکات کەوا فلانە تایتل و فلانە تایتلی نییە ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کەوا ئەم جورە مروڤانە لە خودی خویان دا لەگەل راستی و مافپارێزی و دادویستی نینە. بەلێ کاک فریاد بە هیچ شێوەیێک ناوێرێ لە لای ئەلمانەکان بلێ من پروفیسورم یان دکتورم، چونکە باش ئەزانێ لە ئەلمانیا یاسا باڵادەستە و ئەم جورە ئاکارانە سزای یاسایی لەسەرە، ئەو تەنها لای کوردەکان خوی بە پروفیسور و دکتور ناوزل ئەکات، چونکە ئەو بە هەموو تێگەیشتنی خویەوە وا ئەزانێ کورد درک بە زور شت ناکات و بێدەنگە لە مەر ئەم ئاکارانە.

بو زیاتر زانیاری و راستی لەسەر قسەکانمان بنێرە لەم لینکانە:
http://web.fu-berlin.de/vorlesungsverzeichnis/ss05/gesch-kultur/004005008006001001.html

هەروەها سەیری ئەم لینکە بکە:
http://www.uni-protokolle.de/nachrichten/id/27139

هەروەها سەیری ئەم لینکە بکە کە هەموو ماموستاکان تیتلیان هەیە تەنها فریاد نەبی
http://www.geschkult.fu-berlin.de/e/iranistik/mitarbeiter/index.html

دەرگای خیانەت

لە سالی 1974 کاتێ کە شورشی نەتەوەیی کوردی لە گرمەو ئاگری بەتینی خوی دا بو بە رامبەر بە دکتاتوریەت دەستیپێکرد، ئەو کاتە تێکرای زانکوی سلێمانی و هەموو دکتور و ماموستایانی زانکوی سلێمانی وەک هەلوێستێکی بە شەرەف و ئابرومەندانە رویان لە شاخ کرد بو پالپشتی شورش و روبەروبونەوەی سەرسەختترین و خوێناویترین رژێمی ئەم روژهەلاتی ناوەراستە، تاقەکەس پێچەوانەی ئەم هەلوێستەی هەبوو روی لە دەولەت کرد و پشتی لە پیروزی شورش کرد ئەم زاتە بو کە ناوی فریاد فازل عومەرە. قەلادزێی پیروز و خوراگر بووە باوەشی گەرمی زانکوکەی سلێمانی، هەر بوویەش بەناپاڵم و بومباران کراو سوتێنرا. ئاخ و ئێشو نالەی قوتابی و ماموستاکانی زانکوی سلێمانی لێ کوببووەوە و ئەم روداوە ببوە سیمبولێکی مێژوویی لە ژیانی زانکو و هەموو ماموستاو قوتابیانی زانکوی سلێمانی، هەر تەنها ئەم تاقە زاتە نەبی کە فریاد فازل عومەرە لە نێوان شورشی کورد و دەسەلاتی خوێناوی بەعسدا، ئەو دەسەلاتی بەعسی هەلبژارد و بو بە پەڵەیەکی رەش لە هەموو ژیانیدا، بەشێوەیێک تەنانەت 15 سال بو کورد لە کوردستانی باشوردا دەسەلاتی گرتبووە دەست ئەو چاوی بەوە هەڵنەدەهات سەردانی ئەم پارچە ئازادکراوە بکات، هەرچەندە ئەو لەو کاتانەشدا سەردانی چواردەوری ئەم ناوچەیەشی کرد، دیسانەوە بەلام کاری لە خوی تێکنەدەدا و هەنگاوێ بەرەو کوردستان بنێ، ئەویش هەمووی لەبەرئەوەی دلی ناندەری ئەو کە بەعسە نەرەنجێنێ و خوی نمەکحەرام نەکا لەو چەند دیارییە گەورانەی کە بەعس پێی بەخشی لە بری ئەو تاقە هەلوێستەی کە دژ بە شورشی نەتەوەی کورد نواندی، ئەوانیش وەک تەعینکردنی ئەو وەک موعید لە زانکو و دواتریش ناردنی ئەو بو ئەوروپا بو ئەوەی کار لە کوردەکانی ئەوروپاش تێکبدا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەک برادەرانی ناو ئەلمانیا دەگێرنەوە کەوا ئەم زاتە هەر لە سەرەتای هاتنیەوە بو ئەلمانیا بە تایبەتیش لە حەفتا و هەشتاکاندا لە هیچ بوونەو موناسەبەیێکی بەرە لایەندار و بێلایەنەکانی خەمخوری رزگاریخوازی کورد ئامادە نەدەبوو، ئەمەش لە عورفی پەیوەندییەکانی کوردەکانی ئەوروپا ئەو مانا زەقەی لێئەکەوێتەوە کە ئەم زاتە هەرگیز نەیویستووە دڵی رژێم لە خووی بئێشێنێ، خوشی پیاو خراپ نەکات لە لای نمەکدەرانی خوی. ئێمەی کە ئەندامانی KSSE وAKSA بووین بە سەدان چالاکی و کونگرە و خوپیشاندانمان لە دژی رژێمی بەعس کرددوە، ئەم زاتە کە فریاد فازل عومەرە نە لە دور نە لە نزیک تیایدا بەشدار نەبووە. دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کەوا کاسێتێک بە دەنگی خودی خوی بەدەست کەوتووە کە نەک هەر نە ویستووە دڵی نمەکدارانی خۆی بشکێنێ بەلکو زۆر بەراشکاوی و لە کاتێکی زۆر ناسکیشدا بەدەنگێکی بڵندەوە سوکایەتی و قسەی ناشێرین و جوێن بە هەر دو سەرکردەی باشوری کوردستان دەدات، ئەم کاسێتە تا ئێستاش لە ئەرشیفی کەسانێکی دلسۆز و بە ئەمەک لە بەرلین پارێزراوە و خەلکانێکی زوریش گوێی لەم کاسێتە بووە و کوپییەکی لە لای ئێمە هەیە و لە فرسەتێکی تردا ئەم کاسێتە بلاودەکەینەوە.

ئاستی زانستی

هەرچەندە فریاد فازل عومەر وانەی فێربوونی دیالێکتی کرمانجی دەلێتەوە و فەرهەنگێکی بە کرمانجی ـ ئەلمانی داناوە، بەلام ئەمەش جێگەی پرسیارێکی گەورەیە چونکە خۆی زور نەزانە لەم دیالێکتەدا و لە فەرهەنگی وشەکانیدا، بو نموونە هەر لە یەکەم حەرفی فەرهەنگەکەیدا عەقلی بەوە نەشکاوە کەوا ئەلیف نیشانەی رەگەزی مێیینەیە لەم دیالێکتەدا و نزیک بە نیوەی وشەکانی ئەم فەرهەنگە ئەم ئەلیفە دەستنیشانی دەکا مێیە و نێر نییە، جا ئەمە لە یەکەم حەرفیدا ئاوەهابێ دەبێ ئەوانەی بێتەوە چیبی و کرمانجی رەبەن چوون لێی فێرببی. کەواتە ئەم فەرهەنگەی چوون نووسیوەتەوە، وەلامی کونکرێت و لوژیک ئەوەیە کە قوتابیانی کوردی باکور لە ئیرانستیک دەیدەنەوە، کەوا ئەو قوتابیانە خویان پشکداری سەرراستی دروستکردنی ئەم فەرهەنگە بوونە، دەنا یەکێک بکارێت فەرهەنگێکی کرمانجی ئەلمانی بنووسێتەوە بو ناتوانێت چوار قسەی سادەی شانوگەرییێکی بادینی تێبگات. لە سالی 2000 کاتی پێشکێشکردنی شانوییێکی کرمانجی زاراوەی بادینی فریاد فازل عومەر تەنها کوردێک بو سەماعەی تەرجومەی زمانی ئەلمانی خستبوو هەر دو گوێچکەی، ئایا ئەگەر ماموستا بادینی تێنەگا و زمانێکی تر لە کوردی پێی باشتر نەبی، ئەمە چ تەفسیرێکی تری لە پشتە.

باس لەوە دەکرێت فریاد فازل سەروکی ئینستیتوتێکە بە ناوی ئینستیتوتی خوێندنی کوردی، بەلام ئەم ئینستیتوتە چوونە و چوون نییە و کێ بەرێوەی دەبات ئەوە رەنگە هەر تەنها بە خۆی بیزانێت، بەلام ئەوەی کە دەشزانری ئەوەیە و لای هیچ کەسێکیش شاراوە نییە کە ئەم ئینستیتوتە یەک چالاکیشی بو روشنبیری کوردی ئەنجام نەداوە، زیاتر لە کتێبە سادەکانی خوی هیچ شتێکی بو تاقە نووسەرێکیش لە سەدان و هەزاران نووسەری کورد بەچاپ نەگەیاندووە، لە کاتێکدا تاقە دیوانێکی خوی بە سی زمان چاپکردووە. ئایا جێگای ئەم ئینستیتوتە لە کوێ یە، کوا ناوونیشانەکەی، کێن ئەو بسپورانەی لە وی ئیش دەکەن و کێ قازانج لە کتێبخانەکەی وەردەگرێ؟

فێڵبازی لە کوردستان

فریاد فازل عومەر پاش سەرهلدانی پیروزی کورد هیچ جار نەرۆیشتە کوردستان، چونکە ئەو باوەری بە کوردستان و سەرکردایەتیەکەی نەبوو. لەم هەر دو سالەی دواییدا ئەو وەکو گەلێک کەسی نزم و لاواز لە بو بەرژەوەندییە مادديیەکانی و دوای ئەوەی پروژەی چێشتخانەکەی بەناوی "کەباب و گەسی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سلێمانی" لە بەرلین فەشەلی هێنا و زیانێکی ماددی مەزنی لێی کەوت، ئەو خوی گەیاندە کوردستان و وەک پروفیسور و دکتور و شاعیر و بسپوری زمانی کوردی و مخابن شیا بگاتە بلندترین جێگاش.

لە روژی 2006. 09. 27 سەروک بارزانی پێشوازی لێیکرد وەک پروفیسور، سەیری لاپەرە یەکی روژنامەی خەباتی روژی 2006. 09. 28 (ژمارە 2280) بکە و هەروەها روژنامەی التاخی هەر ئەو روژە (ژمارە 4866) . پێشوازیییێکی زور گەرم لە لایەن گەلێک وەزیر و بەرپرسی ترەوە لێیکرا وەک پروفیسور دکتور، وەکو وەزیری روشنبیری هێژا فەلەکەددین کاکەیی، و ئەو لە تەلەفزیونەکانیش خۆی وەک پروفیسور دکتور و ماموستای زانکوی ئەیدا بە ناسکردن و گەلێک مەدحی خوی دەکرد کە ئەو خەمخوری زمان و ئەدەب و مللەتی کوردە، ئەو هەموو ژیانی خۆی پێشکەشکردووە بە کوردایەتی. بە راستی ئێمە نازانین چوون کەسانی وەک فریاد فازل عومەر دکارن ئەم مللەت و وەلات و سەرکردایەتیە و حکومەتە ب خاپینن. ئایا کەسێک نەبوو بلێ ئەمە لە کوێ هات و تا ئێستا لە کوی بوو، ئایا ئەم زاتە لە عەسمانەوە بو کورد هات. ئەز هیڤی دکەم ئێمەی کورد نەبینە ئێخسیری ئەم جورە درۆزن و فێلبازانە. پێویستە بەرپرسەکانی کوردیش رێگا بەم کەسانە نەدەن و فریاد فازل عومەر لە سەر ئەم فێل و کارە نەکبەتانەی خۆی دادگایی بکرێ تا ببێتە عیبرەت بو کەسانی تریش. پەندێکی پێشینانی ئەلمانی هەیە دبێژیت "پێن درەوان دکورتن"، لێ مخابن لە لای ئێمەی کورد زۆر ددرێژن و دەگەنە هەموو جێگاییێکی بلندیش.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.